# فەضلی نوێژی مردوو

[ بە کوردی ]

فضل الصلاة على الميت

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : مامۆستا کەمال مەلا موحەمەد بوسکینی

الكاتب : كمال ملا محمد بوسكيني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

١٤٢٩- ٢٠٠٨

islamhouse.com

# فەضلی نوێژی مردوو

زۆر فەرمووده هاتوون دەربارەی هاندانی مسوڵمانان بۆ ئامادەبوون لەجەنازەی مسوڵمانان دا و بەشداری کردن له شوشتن و کەفن کردن و نوێژ لەسەر کردن و بەخاك سپادنیان، وەلەو فەرموودانەدا مژدەی ئەجرو پاداشتی زۆری تێدایەبۆ ئەو مسوڵمانەی بەشداری لەو خێرەدا دەکات و بەو ئەرکانه هەڵدەستێت .وەئەو فەرموودانەی لەفەضلی نوێژی مردوودا هاتوون دەکرێن بەدوو بەشەوە: بەشیکیان مژدەی ئەجرو پاداشتیان تێدایەبۆ ئەو کەسەی نوێژ لەسەر مردوو دەکات و بەشداری لەبەڕێ خستن و بەخاك سپاردنی جەنازەدەکات ، وەبەشەکەی تریان مژدەی لێ خوش بوونیان تێدایه بۆ ئەو مردوەی‌نوێژی لەسەر دەکرێت.

یەکەم: فەضڵی نوێژ کردن لەسەر مردوو:

١- عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال: قال رسول اللَّهِ-صلى الله عليه وسلم-: (( من شَهِدَ الْجَنَازَةَ حتى يُصَلَّى عليها فَلَهُ قِيرَاطٌ وَمَنْ شَهِدَهَا حتى تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ))، قِيلَ وما الْقِيرَاطَانِ؟ قال: ((مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ )) (١).واتا : ئەبو هورەیرە-خوای گەورە لێی ڕازی بێت- گێڕاویەتەوە، لەپێغەمبەرەوە-صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: هەر کەسێك ئامادەی جەنازەی مردوویەك بێت تا نوێژی لەسەر دەکرێت، ئەوە بەئەندازەی (قیراط)یك پاداشتی بۆ دەنوسرێت، وەهەرکەسێك

ئامادەی جەنازەی مردوویەك بێت تا بەخاك دەسپێردرێت ئەوە بەئەندازەی دوو (قیراط) پاداشتی بۆ دەنوسرێت، پرسیار کرا: دوو قیرات چەندە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بەئەندازەی دوو کێوی گەورەن .

٢ - عن أبي هُرَيْرَةَ -رضي الله عنه - عن النبي - صلى الله عليه وسلم- قال: (( من صلى على جَنَازَةٍ ولم يَتْبَعْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ فَإِنْ تَبِعَهَا فَلَهُ قِيرَاطَانِ قِيلَ وما الْقِيرَاطَانِ قال أَصْغَرُهُمَا مِثْلُ أُحُدٍ )) (٢) .

واتا ئەبو هورەیرە-خوای گەورە لێی ڕازی بێت- گێڕاویەتەوە، لەپێغەمبەرەوە-صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: هەر کەسێك نوێژ لەسەر جەنازەی مردوویەك بکات و لەگەڵیا نەڕوات بۆ گۆڕستان ئەوەبەئەندازەی (قیراط)یك پاداشتی دەست دەکەوێت، وەهەرکەسێك نوێژ لەسەر جەنازەی مردوویەك بکات و لەگەڵیا بڕوات بۆ گۆڕستان ئەوە بەئەندازەی دوو (قیراط) پاداشتی دەست دەکەوێت، پرسیار کرا: دوو قیرات چەندە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بچووکەکەیان بەقەدەر کێوی ئوحدە.

٣- عن نافع قال: حُدّث ابن عمر أن أبا هريرة - رضي الله عنهم- يقول : (( من تبع جنازة فله قيراط )) ، فقال: (( أكثر أبو هريرة علينا )) فصدقت -يعني عائشة- أبا هريرة - رضي الله عنهما- وقالت: (( سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقوله))، فقال ابن عمر - رضي الله عنهما- :(( لقد فرطنا في قراريط كثيرة ))(٣).

واتا: نافیع گوتي: کاتێ ئەو فەرموودەی ئەبوهورەیرەیان -لەفەضلی نوێژی مردوو- بۆ عبد الله ی کوڕی عومەر گێڕایەوە، گوتی: ئەبو هورەیرەزۆری زیاد کردوە، ئنجا - دەربارەی ئەوە لە

دایكی مسوڵمانان عائیشە-خوای گەورە لێی ڕازی بێت- یان پرسی، ئەویش تەصدیقی ئەبو هورەیرەی كردو،گوتی گوێم لە پێغەمبەر-صلی اللّٰہ علیە وسلم- وای فەرموە، ئنجا عبد اللّٰہ ی كوڕی عومەر گوتی: قیراتی زۆرمان لەپاداشت لەكیس خۆمان داوە.

وەك دەردەكەوێت لەو فەرموودانەدا هاندانێكی زۆری تێدایە بۆ نوێژ كردن لەسەر جەنازەو بەشداری كردن لەئامادەكردنیدا تا بەخاك دەسپێردرێت.

وەفەرموودەی پێغەمبەر-صلی اللّٰہ علیە وسلم- : ((... وَمَنْ شَهِدَهَا حتی تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ))، ئەوە دەگەیەنێت كەوا بەنوێژ كردنەكە قیراتێك پاداشت دەست دەكەوێت و بەدوا كەوتنی جەنازەكەش تا بەخاك دەسپێردرێت قیراتەكەی تر دەست دەكەوێت (٤) ، وەك لەڕیوایەتێكی بوخاریدا بەڕوونی هاتوە كەپێغەمبەر -صلی اللّٰہ علیە وسلم- فەرموویەتی: (( من شهد جنازة وكان معها حتّى يصلّي عليها ويفرغ من دفنها رجع من الأجر بقيراطين )) (٥)، وەكۆی ڕیوایەتەكان بەڕوونی ئەوە دەگەیەنن كەپاداشتی تەواو بەنوێژ كردن و ئامادەبوون تا كۆتایی بەخاك سپاردن وەدەست دەكەوێت (٦).

وەقیراتیش ئەندازەیەكی گەورەیە لە پاداشت، لە لاي خواي گەورە دیاری كراوە، بەڵگەش لەسەر گەورەیی ئەو پاداشتە ئەوەیە كە پێغەمبەر -صلی اللّٰہ علیە وسلم- بەكێوێكی گەورەی چواندوە، واتا بە ئەندازەی كێوێك سەنگی هەیە(٧).

حافزی ئیبن و حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- فەرموویەتی: لێرەدا مەبەست لەفەضڵی نوێژ كردن لە سەر مردوو و ئامادەكردني و بەخاك سپاردني دیاری كردنی ئەجرو

پاداشت و هاندانی مسوڵمانانەبۆی نەك دیاری کردنی حوکم، وەلێرەدا فەضل لەبەرامبەر واجیبدا نەهاتوە، چونکە نوێژ کردن لەسەر مردو و کفن کردن و بەخاك سپاردنی لەواجیباتە نەك لەفەضائیل (٨) .

دووەم: ئەو پاداشتەی بە مردوو دەگات بە هۆی نوێژ کردن لەسەری:

لەچەندان فەرموودەی ڕاستدا هاتوە کەنوێژ کردن لەسەر مردوو وەك شەفاعەت بۆ کردنی وایە، وەتا ژمارەی نوێژ کەران زیاتر بێت باشترە بۆ مردوەکە، وەلەو فەرمودانەی لەو بارەیەوە هاتوون:

١ - عن ابن عباس رضي الله عنه قال : سمعت رسول الله -صلى الله عليه وسلم- يقول:(( ما من رجل مسلم يموت فيقوم على جنازته أربعون رجلاً، لا يشركون بالله شيئاً إلاّ شفّعهم الله فيه )) (٩).

واتا: ئیبن و عەباس خوای گەورە لێی ڕازی بێت- گێڕاویەتەوە: گوێم لەپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو فەرمووی: هەر مردوویەکی مسوڵمان چل کەسی یەکتا پەرست- کەهیچ هاوبەشێك بۆ خوا دانانێن- نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکەن خوای گەورە دەیانکاتە تکا کار بۆ مردوەکەو تکایان لێ وەردەگرێت .

٢- عن عائشة رضي الله عنها عن النبي -صلى الله عليه وسلم- قال: (( ما من ميّت تصلّي عليه أمّة من المسلمين يبلغون مئة كلّهم يشفعون له، إلاّ شفعوا فيه )) (١٠).

واتا: دایكی مسوڵمانان عائیشە خوای گەورە لێی ڕازی بێت- لەپێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم- گێڕاویەتەوە كە فەرموویەتی: هەر مردویەك كۆمەڵێك لە مسوڵمانان نوێژی لەسەر بكەن ژمارەیان بگاتە سەد كەس هەموویان تكای بۆ بكەن خوا تكاكەیان لێ وەردەگرێت .

٣- عن مالك بن هبيرة قال: قال رسول الله -صلى الله عليه وسلم-:(( ما من مسلم يموت فيصلّي عليه ثلاثة صفوف من المسلمين إلاّ أوجب )) (١١). واتا:مالیكی كوڕی هوبەیرە خوای گەورە لێی ڕازی بێت- لەپێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم- گێڕاویەتەوە كە فەرموویەتی: هەر مسوڵمانێك بمرێت و سێ ڕیز لە مسوڵمانان نوێژی لەسەر بكەن بەهەشتی بۆ واجیب دەبێت.

ئیمامی نەوەوی-ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەربارەی ژمارەو ڕیزی ئەو نوێژ كەرانەی كەتكایان وەردەگیرێت بو مردوو- گوتویەتی: هەندێ لەزانایان دەربارەی ئهوفەرموودانە گوتویانە:

ئەو فەرموودانە وەڵامی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم- بوون بۆ چەند كەسێكی جودا كەپرسیاریان لێ كردوە، وەدەگونجێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم- لەلایەن پەرەردگارەوە ئاگادار كرابێتەوە بەقبوڵ بوونی شەفاعەتی سەد كەس ئەویش بە مسوڵمانانی ڕاگەیاندبێ، ئینجا ئاگادار كرابێتەوەبەقبوڵ بوونی شەفاعەتی چل كەس ئەویش بەمسوڵمانانی ڕاگەیاندبێ، ئینجا ئاگادار كرابێتەوە بەقبوڵ بوونی شەفاعەتی سێ ڕیز لەنوێژ كەران - هەر چەند ژمارەشیان كەم بێت- ئەویش بەمسوڵمانانی ڕاگەیاندبێ (١٢).

وەدەگونجێ بگوترێت: هەواڵ دان بەقبوڵ بوونی شەفاعەتی سەد كەس ئەوە ناگەیەنێت كەشەفاعەتی كەمتر لەسەد

وەرناگیرێت،وەهەواڵ دان بەقبوڵ بوونی شەفاعەتی چل کەس ئەوە ناگەیەنێت کەشەفاعەتی سێ ڕیز وەرناگیرێت- کە ژمارەیان لەچل کەس کەمتر بێت-، لەبەر ئەوەی ئەوە مەفهومی ژمارە(مفهوم العدد)ە،و جەماوەری زانایانی ئوسوڵیش مەفهومی ژمارە بە بەڵگە وەرناگرن.

بەو پێ یە هەموو فەرموودەکان کاریان پێ دەکرێت و شەفاعەت بەحەدی ئەدنا حاسڵ دەبێت لەو سێ شتانەی باسکران (سەد کەس، یان چل کەس، یان سێ ڕیز) (١٣).

لەخوای گەورە داواکارم تەوفیقمان بدات بۆ هەموو کارێکی خەیرو بەئیمانەوەبمانمرێنێ و بمانخاتە بەر شەفاعەتی پیاو چاکان، ئامین.

وەتا ئاڵقەی داهاتو بەخوای گەورەتان دەسپێرم.

کۆتایی

٧ی جومادی دوەمی ساڵی ١٤٢٩ کۆچی

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوەکان:

(١) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی: (الجنائز) لە(باب): (من انتظر حتى تدفن...)، بەژمارەی: (١٩٩٤)، وە ئیمامي موسلیم لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (فضل الصلاة على الجنازة)، بەژمارەی:(٢١٨٦) .

(٢) ئيمامي موسليم لەصحيحی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (فضل الصلاة على الجنازة)، بەژمارەی:(٢١٨٩) .

(٣) ئيمامي بوخاري لەصحيحی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز) ، لە(باب): (فضل اتباع الجنائز) بەژمارەی: (١٢٧٣) .

(٤)پڕوانە: شرح صحيح مسلم (١٦/٧). (٥) ئيمامي بوخاري لەصحيحی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الإيمان) ، لە(باب): (إتباع الجنائز ) بەژمارەی: (٤٧).

(٦)پڕوانە: شرح صحيح مسلم (١٦/٧).

(٧)پڕوانە : فتح الباري (٢٥٣/٣).

(٨)پڕوانە هەمان سەرچاوە(٢٥٢/٣).

(٩) ئيمامي موسليم لەصحيحی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (من صلى عليه مائة)، بەژمارەی:(٢١٩٦) .

(١٠) ئيمامي موسليم لەصحيحی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (من صلى عليه مائة)، بەژمارەی:(٢١٩٥) .

(١١) ئيمامي أبو داود لەسونەنی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی:(الصفوف على الجنازة)،بەژمارەی:(٢٧٦٩)، وەئيمامي تيرموزی لەسونەنی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (ما جاء في الصلاة على الجنازة)،بەژمارەی:(٩٨٥). وئيمامي ابن ماجة لەسونەنی خۆيدا گێڕاويەتەوە، لە(كتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی: (ما جاء فيمن صلّى عليه جماعة)، بەژمارەی: (١٤٨٥) ، بلفظ: (( ما صف صفوف ثلاثة من المسلمين على ميت إلا أوجب)).

(١٢) پڕوانە: شرح صحيح مسلم (٧/٢٠-٢١).

(١٣) پڕوانە: هەمان سەرچاوە(٢١/٧).